HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

کاریگەری ڕۆڵ لە بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت

د. ڤیان سلێمان

ئێمەی مرۆڤ هەر لە سەرەتای هاتنمان بۆ دونیا بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا گوزەر دەکەین، لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیە و کەناڵەکانییەوە ڕۆڵمان بۆ دیاری دەکرێت یاخود ڕۆڵمان لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەو پێیەش هەر کەسێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی خۆی هەیە. ڕۆڵەکان یان بەپێی یاسا دیاری دەکرێن یاخود بەپێی نوورم و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، دیاریکردنی ڕۆڵ لەسەر بنەمای ڕەگەز یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە نەریتییەکان، ئەوەش چەندین کێشەی جۆراوجۆر و نایەکسانی و ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ڕۆڵە جێندەرییەکان کۆمەڵێک پێوەرن کۆمەڵگە بۆ هەریەکە لە ڕەگەزەکان بە شیاو و پەسەندی دەزانێت کە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکەن و بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بوارەکانی تر دەبێت.

لە کاتێکدا باس لە پەیوەندی نێوان دوو چەمک دەکەین کە پەیوەندییەکی بەردەوامی بازنەییان هەیە، واتە لە کاریگەرییان لەسەر یەکتر بەردەوام لە جێگۆڕکێدان. ڕۆڵ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاری کردنی پێگە و ئاستی گرنگی و پشت بەستنی بەو کەسە، ڕوونتر دەتوانین بڵێین ڕۆڵی هەر کەسێک هەتا ڕادەیەکی زۆر پێگەی کەسەکە و قورسایی لە نێو دەوروبەرەکەیدا دیاری دەکات. پێگە، زۆربەی جار ڕۆڵی جیاواز بە کەسەکان دەبەخشێت و دەتوانین بڵێین پێگەیە کە ڕۆڵ دەستنیشان دەکات و جیاکاری دەکات.

بێگومان لە کاتێکدا ئێمە وەک ئەزموونی کارکردنی چەند ساڵەمان لە بواری مافی ئافرەت گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییەی، کە بەشی هەرە زۆری پرسی ئافرەت و بەتایبەت توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت پەیوەندی بە پێگەوە هەیە، ئەو پێگە بەهێزەی ڕەگەزی بەرامبەر هەیەتی و لە ڕێگەیەوە ڕۆڵی ئافرەتی لاواز و نادیدە کردووە و بەم میکانیزمە بەردەوامی دەدات بە هەژموونی خۆی. هەر وەک سنووردارکردنی ڕۆڵی ئافرەت یاخود بێبەشکردنی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ناوەندی بڕیار، نەبوونی ڕۆڵی یەکسان لە خێزاندا کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونی پێگەی ئافرەت بەرامبەر پیاو.

لە سەرەتای ڕەوتی ژیانی مرۆڤ تایبەتمەندی فیزیۆلۆجی منداڵبوونی ئافرەت پێگەیەکی بەرزتری پێ بەخشی و لە ئەنجامدا ڕۆڵ و کاریگەری و دەسەڵاتی لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پیاو بەهێز تر بوو تا ڕادەی پیرۆز کردن و تەنانەت خواوەندەکانیش بە مێ مەزەندە دەکران؛ بەڵام لەگەڵ گەشەی ئاوەزی مرۆڤ و داهێنانەکانی و بەکارهێنانی سروشت و خستنە ژێر ڕکێفی خۆی و بە هۆی تایبەتمەندی هێزی جەستەیی، پیاو پێش ئافرەت کەوت و ئەمجارە تایبەتمەندی هێزی بازوو، پێگەیەکی بەرز و باڵاتری بە پیاو بەخشی و دەرفەتی بۆ ڕەخساند بەسەر ڕۆڵە نەریتی و سروشتییەکەی باز بدات و یاخی بێت، بەم شێوەیە ڕۆڵی سەرەکیتر و فراوانتری بینی و بە دوای بەها و پێگەی بەرزتر گەڕا و لەوەشدا سەرکەوت.

لەم ناوەندەدا تایبەتمەندییە فیزیۆلۆجییەکەی منداڵبوون، ڕۆڵە کاریگەرەکەی لە دەست دا و بە پێچەوانەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئافرەت لە لایەن پیاوەوە وەک هەر کەرەستەیەکی تری سروشت بەکار بهێنرێت و لە ئەنجامدا ئافرەت لە پێگەی پێکهێنەری ژیان هاتە پێگەی موڵک بوون. لەم پێگەیەدا ڕۆڵی لە چوارچێوەی ڕۆڵە نەریتی و سروشتییەکە دەرباز نەبوو و بە ڕێژە و شێوەی جیاواز لەو ئاستەدا مایەوە؛ بەڵام هەمان واتا و کرۆک لە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

بە درێژایی مێژوو ڕێژەیەک ئافرەت بەرچاو دەکەون کە بەرەنگاری ڕۆڵ و پێگە نەریتییەکەی ئافرەت بوون و دەبنەوە، هاوشێوەی پیاوان بە دوای بەها و پێگەی بەرزتر کەوتوون و توانیویانە ناویان لە مێژوودا تۆمار بکەن بەڵام ڕێژەکە لە چاو ڕێژەی پیاوان زۆر کەمە؛ بۆیە نەگەیشتووە بە ڕادەی چاولێکەری و باوبوون لە ناو ئافرەتاندا کە ببێتە هۆی دەربازبوونی ئافرەت لە پێگەی موڵکیەتی بۆ پێگەی هاوبەشی پیاو لە ژیاندا.

لە ڕووی مێژووییەوە ئافرەتی کورد ڕۆڵی کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسی گەلی کورد هەبووە، هاوکات بەشدار و پشتیوانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بووە، ئەوەش وای کردووە کە پێگەی ئافرەتی کورد بەراورد بە پێگەی ئافرەتانی نەتەوەکانی دەوروبەر بەهێزتر و کاریگەرتر بێت، بەڵام بە چەندین هۆکاری خودی و بابەتی ئەو ڕۆڵە لاوازتر بووە و ئەو پێگە بەهێزەش بەردەوامی نەبووە.

هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی بوون دروست بووە و هەر دوو ڕەگەز بەرامبەر یاسا یەکسانن، هیچ ماددەیەکی یاسایی ڕۆڵێکی لە ئافرەت قەدەخە نەکردووە و هیچ کار و پێگەیەک بۆ ئافرەت بە ناڕەوا دانەنراوە، بەڵام کە دێینە سەر واقیع، دەبینین ڕۆڵی ئافرەت لە هیچ بوارێکدا بەرامبەر پیاو یەکسان نییە، لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە بازاڕی کار و بازرگانی و وەرزش و هونەر و بوارەکانی دیکەش، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی پیاو زیاترە بەو پێیەش پێگەی پیاو لە ئافرەت بەهێزترە، ئەمەش وای کردووە هەژموونی پیاو لەسەر ئافرەت بە هێز تر بێت.

لەم هەلومەرجەدا کە بە شێوەیەکی هەرە بەرچاو نایەکسانی لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە هەیە و پێگەی پیاو لە تەواوی کایەکانی ژیان و جومگەکانی بەڕێوەبردن لە ئافرەت بەهێزترە، کە ئەوەش سەرچاوەی بەشێکی زۆری هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەیە کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن، بە تایبەت ئەو توندوتیژییانەی لە چوارچێوەی خێزاندا بەرامبەر ئافرەت دەکرێن و ئەو نایەکسانییانەش کە لە پانتایی گشتی ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە.

بە چەندین ڕێگە و میکانیزم دەتوانرێت پێگەی ئافرەت بەهێزتر بکرێت و لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە یەکسان بکرێت، یەکێک لەو میکانیزمانەش کە ڕەنگە گرنگترین بێت، بەهێزکردنی پێگەی ئافرەتە لە خێزاندا ئەویش لە ڕێگەی هاوبەشبوونی لە ئابووری خێزاندا هەم وەک سەرچاوەیەکی داهات و هەم هاوپشک لە خاوەندارێتی داهات و سامانی خێزان . دەستخستنی داهاتی سەربەخۆ لە ڕێگەی کار و فێربوونی پیشە و یان بیمەی کۆمەڵایەتی، هاوبەشی لە سامانی خێزان لە ڕێگەی چاکسازی لە یاسا و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یەکسانی و چەندین میکانیزمی دیکەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر بەهێزکردنی پێگە و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، کە وەک گوتمان پەیوەندییەکی بازنەیی لە نێوانیاندا هەیە و کاریگەری بەردەوامیان لەسەر یەک دەبێت.

ئاواز، چیرۆکی کچێکی خۆڕاگر و سەرکەوتوی نەخۆشی شێرپەنجەیە

ئاواز محمد حسن، تەمەنی (١٩)ساڵە دانیشتوی ناحیەی گۆرەتوو، قوتابی قوتابخانەی بناڤی کچانە،ئامانجی ئەوەیە وێنەکانی خۆی پیشانی هەموو جیهان بدات.

ئاواز ووتی: من تەمەنم نۆ ساڵ بوو توشی نەخۆشی شێرپەنجەبووم، دووساڵ دەرزی کیمیایم وەردەگرت. لە ماوەی ئەم دووساڵەم لە نەخۆشخانە دایکم زۆر یارمەتی دەدام، دایکم لە نەخۆشخانە وێنەی گوڵێکی بۆ دروست دەکردم هەمان ئەو گوڵە دوو گوڵی تری لە گەڵ بوو ئەو گوڵە ماناکەی منی نەخۆش بوو، دوو گوڵەکانی تریش مانای دایک و باوکم بوون کە لە گەڵم بوون من بە تەنها نیم، ئەو گوڵەی دایکم بۆ منی دروست دەکرد وەک حەزێک بۆم ئارەزوو بوو بتوانم وێنەی ئەم گوڵە فێربم چەند جار دووبارەم کردەوە تا زانیم وێنەکەی بکێشم.

ئاواز دەڵێت دایکم پێنوس و وەرەقە و قەڵەم ڕەنگەکانی بۆ هێنابومە نە خۆشخانە بۆ ئەوەی سەرقاڵ ببم بیر لە نەخۆشیەکەم نە کەمەوە، لە ماوەی ئەو دووساڵە لە چوارچێوەی ئەو ژوورە تەنهایەی نەخۆشخانە ئازاری ئەو نەخۆشیەی بەدەستیەوە دەمناڵاند ئێستا سوپاس بۆ خودا من زۆر باشم و نەخۆشیەکەم نەماوە، ئەم نەخۆشیە وایلێکردم خولیای وێنەکێشان ببم، ئەوەبوو من هەستمکرد خولیای وێنە کێشانم بۆ زۆر بووە.

لەدرێژەی قسەکانیدا ئاواز ووتی: من وێنەی زۆرم کێشا، بەڵام هاوڕێیەکانم گاڵتەیان بە وێنەکانم دەکرد و سوکایەتیەکی زۆریان پێدەکردم، بەڵام من کۆڵمنەدا هەر بەردەوام بووم، و دەڵێت: مامۆستایانی قوتابخانەکەم زۆر پشتگیریان دەکردم تا وای لێهات لەساڵی ٢٠٢٠ وێنەکانم لەقوتابخانەی (بناڤی school) نمایشکران هەمان ئەو کەسانەی سوکایەتیان پێدەکردم هەمان ئەو کەسانە ئامادەی نمایشەکەبوون، خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، هەموویان دەست خۆشیان لێدەکردم.

ئەم نمایشە وای لەمن کرد زیاتر هەوڵبدەم زیاتر خۆم ماندوو بکەم،هەروەها پێشانگایەکی تری ئاواز ئەنجومەنی مێرگەسۆری یەکێتی ئافرەتان کوردستان بۆیان نمایشکرد.

ئاواز سەبارەت بە مانای وێنەکانی دەڵێت: ئازاردانی ئافرەت، ئازادی ئافرەت، تواناو هێزی ئافرەت، ڕێگرییەکانی ئافرەت بۆنەگەیشتن بە ئامانجەکانی، وێنەی سروشتی و وێنەی مرۆڤەکانن.

باران علی

ژمارە (٣٦٤٠) ٢٠٢٢/٤/١١
هەولێر



کەوسەر قاسم حەبیب

کێ پاڵپشتی ئافرەت دەکات؟

هەر مرۆڤێک هەر وەک چۆن لەدایک دەبێت ڕۆژێکیش دەبێت لەم دونیایە بچێت، مردن ڕێگای هەمووانە وهەرکەسێک بەجۆرێک وبە هۆی بابەتێک دەمرێت وکۆتایی بە ژیانی دێت، بەڵام بە داخەوە لەم ڕۆژانە دەبینە بینەرو بیسەری چەندین روداوی دڵتەزین کە ئافرەتەکان بە دەستی خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن، وهۆکارەکەشی فشاری دەروونییە کە بە هۆی خێزان یان هاوسەر یان کۆمەڵگای داخراو دووچاری دەبن.

لەماوەی ئەم فشارە روحیە بە داخەوە نە کچ ونە ژنەکانی وڵاتەکەمان خاوەن پاڵپشت نین و بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم فشارانە لەسەریان زۆر دەبێت تووشی حاڵاتی گرفتی دەروونی دەبن وبە هۆی تێنەگەیشتنی هیچ کەس لە حاڵاتەکانیان دەست ببۆخۆ کوشتن دەبەن بە شێوازەکانی (خۆ سووتاندن، خۆ خنکاندن، خواردنەوەی حەب، برینی دەمارە سەرەکییەکانی دەست و....) ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە چرکە بەچرکە زیاتر دەبێت بە تایبەت لە و شوێنانەی کە پیاوسالاری حوکم دەکات و خاوەن کۆمەڵگەو هزرێکی داخراون .

لێرە دەبێ ئەم دیاردەیە ڕاوەستێنین کە خۆکوشتنی ئافرەتان، چونکە ئەگەر ئەم بابەتە ڕاوەستانی نەبێت ئەوا بە داخەوە کاریگەری دەبێت لەسەر کچەکانی دیکەی خێزان وتەنانەت لەسەر کۆمەڵگەش ولەسەر ئەم بابەتە خۆکوشتنە چەندەها منداڵ بێ دایکبوونە و بێبەشن لە سۆزی دایک، ولەداهاتوودا دەبنە ئەوانەی کە داهاتوویەکی ڕۆشنیان نییە.

بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە دەبێ خێزان بەگشتی و باوک وبراکان بەتایبەت ڕێز لە کچەکانیان دانێن وهەمووکات هەوڵ بدەن کە وەک هاورێیەکی نزیک مامەڵەیان لەگەڵ بکەن ولەسەر هەڵەکانیان سەرزەنشتیان نەکرێن، بەڵکو پاڵپشتیان بن و هەمیشە بە جوانترین شێواز ئامۆژگاریان بکرێت بۆ ڕێگای ڕاست، هەروەها جوانترین دەرفەتیان بۆ برەخسێنێنن کە بتوانن بەردەوام بن لە خوێندن وهەڵبژاردنی هاورێ، و بریاردان وهەڵبژاردنی کەسێکی گونجاو بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، لەم ڕێگایەدا دەتوانرێت ڕێژەی خۆکوشتنی ئافرەتان بەگشتی کەم بکرێتەوە.

هەروەها لە ڕێگانی دیکە کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئەم ڕووداوە لە دەرەوەی خێزان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پانێڵ ڕێکبخات وتیایدا باس لەسەر گرنگی ئافرەت لە نێو کومەڵگادا بکرێت ودەست نیشانی ئەو خاڵانە بکرێت کە چۆن دەبێت لە نێو خێزانەوە پاڵپشتی کچەکانیان بن، ڕاگەیاندن بەئەرکی خۆی هەستێت و میوانداری پسپۆرەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی و پسپۆرانی دەروونی و پارێزەرەکان بکرێت تاکو لە روی دەرونی وکۆمەڵگە و یاساوە باس لە مافەکانی ئافرەت بکرێت .

دەبێ یاسا سزای ئەو کەسانە بدات کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئافرەتێک پەنای بۆ خۆکوشتن بردوە، تیمەکانی پۆلیسی سەردانی ئەو خێزانە بکات کە خاوەن کێشەن و دەستنیشانی کێشەکانیان بکرێت وهەر لە بنەماوە بۆیان چارەسەر بکرێت وپاڵپشتی ئەو کچ وئافرەتانە بن کە لە ڕێگای خێزان و دەرەوەی خێزان تووشی دژایەتی دەبن .

هەروەها ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی مافی ئافرەتان و ژنان دەست لە دەست بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئافرەتانەی کە روویان تێدەکەن وپشتیوانیان بن لە ڕوودانی هەرکێشەو گرفتێک.

کۆشتنا ئاف...

ئەدیبا عیزەدین تاهیر

وەکو من ئاماژە پێ دایی ئەم دناڤا چەرخێ بیستێ و سالا ٢٠٢٢ داینە و ئەڤە جهێ نگرانییە کۆ هەتا نهو مە نکارییە خو پێبگەهینین هێشتا ئەم مروڤ نەگەهشتینە وی ئاستی کۆ ئێکدوو قەبیل بکەین لسەر ئاستێ تێگەهشتنێ لسەر ئاستێ پێگەهاندنێ،دان و ستاندنێ، ڕێز گرتنێ، هەڤ دەردیێ، هاریکاریێ، دەستێ سلاحەتێ، مافێ ئێکدوو نەخوارنێ، هێشتا ئەم نەگەهشتینە وێ ئاستێ ڕەوشەنبیریا تمام یا کۆ دناڤا خودا چێبێکین و بلاڤ بکێن، ب مخابنی ڤە ڕەنگە ڕەخنە ل من بێن گرتن بەلێ دگەل ڕێزا من بو هەر لایەنەک و هەر تاکە کەسەک و خیندەڤانێ ڤێ بابەتی ..

بوچی ڤێ دبێژم ؟؟ بوچی هێشتا ئەم ل چەرخێ بیستێ نە و ل سەردەمەکێ پێشکە فتی لێ هێشتا مێشکێ مە وەسا نەخواستیە یانژی نەڤیایە بخوازیت کۆ کوشتنا مروڤان ب هەر ڕەنگەکی و هەر ڕەگەزەکی چ بچوک و چ مەزن بلا بزانیبن ئەوێ ڤی کاری دکەت و ب کوشتنا مروڤەکی ڕادبیت نە کەسەکێ ئاساییە و ژ لایێ دەرونی ڤە نە ێ ساخلەمە ئەگەرنە حەتا دناڤا قورئانا پیروزیشدا بەحس ل کوشتنێ نەکرییە بەحس ل کوشتنا مروڤان ب چ ڕەنگەکی نەکرییە و چێ نابیت بێنە کۆشتن نەخاسمە کۆ ئەو مروڤە ئافرەت بیت.

ڕوژانە و هەیڤانە ئەم ل سوشیال میدیایێ دا گوهداری کۆشتنا ئافرەتێ دبین لسەر هەر ئەگەرەکا هەبیت، بەلێ ئایا مە ژ خو پرسیار کرییە ئەرێ باشە ئەڤ کوشتنە حەتا لسەر شەرفێ ژی بیت، ئەرێ دبیت ئافرەت بێتە کوشتن وەکو مروڤ بوون ؟؟باشە ئایا دبیتە چارەسەریا ژ ناڤ برنا شەرەفێ ؟؟ دبیتە ئەگەرێ هندێ کۆ ئێدی خلاس،چوو و بوری، بێ

د.مهاباد کامیل عەبدوڵا: داوا لەسەرجەم ژنان دەکەین هیچ دوو دڵ مەبن لەتواناکانتان چونکە ئێوە دەتوانن

چەمکی جێندەر، چەمکێکی نوێیە لە کۆمەڵگەی کوریدا، پێویستە کاری باش ئەنجام بدرێت بۆ تێگەیشتنی تاک لەم چەمکە و کاردانەوەی لە رەفتار و بیروبۆچوونیدا دروست بێت بۆئەوەی کۆمەڵگەیەک دروست بێت کە باوەری تەواوی بە مافی ئافرەت و یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز هەبێت. پرۆفیسۆر د.مهاباد کامیل عەبدولا سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەمکی جێندەر چەمکێکە دەتوانرێت لەرێگەی میدیا و سۆشیال میدیا و چاوپێکەوتنی بەردەوام لەگەڵ کەسانی پسپۆر زیاتر شرۆڤە بکرێت، لەلایەکی دیکەوە لەرێگەی کۆڕ وسیمینارو خولی بەردەوام بۆ کچان وکوران بکرێتەوە بۆئەوەی ئەم چەمکە بناسن.

پرسی یەکسانی لەناو دامەزراوە تایبەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگەمان چۆن هەڵدەسەنگێنرێت بەو مانایەی توانراوە مافی ئافرەتان پارێزراو بێت، لەوەڵامدا د.مهاباد کامل پێیوایە کە سەبارەت بەدامەزراوەکان نەخێر هێشتا ژنان بە چاوی پلە دوو تەماشا دەکرێن، زۆر قورسە ژنێک بتوانێت خۆی بسەلمێنێت لەژینگەیەکی پیاوسالاریدا.

خەباتی ئافرەتان و ژنانی کوردستان لەپێناو چەسپاندنی یەکسانیە لەناو سەرجەم سێکتەرو کایە جیاوازەکاندا. لەم روانگەوە پێتانوایە دەستکەوتەکانی ئەو خەباتە هاتونەتە دی یان هێشتا پێویست بە بەردەوامیدان هەیە، د.مهاباد لەم سۆنگەوە تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە نەخێر هێشتا زۆری ماوە ژنان مافەکانیان بەدەستبهێنن ئەوکاتە ژنان و ئافرەتان دەتوانن مافەکانیان بەدەستبهێنن کە ژنان خۆیان کورو کچەکانیان وەک مرۆڤ پەروەردە بکەن وهیچ جیاکارییەک نەکەن. راستە هەندێک پۆست لای ژنانە

> زۆرجار دەوترێت ژنان کەموکورییان نییە و ئەوەتا خۆیان دەگۆرن و پێدەکەنن وژیان دەکەن،نازانرێت لەناخی هەرژنێکدا چەندین خەونی مردوو هەیە

بەڵام ئەوە تەنها ڕێژەی لەسەدا دەی گشتیش نیە، ژنان دەبێت خۆیان بریار بدەن و سنورەکان ببەزێنن وهیچ شتێک نەیانوەستێنێت.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت ئایا لە کوردستان بزوتنەوەی فێمینیزمی بوونی هەیە؟ بەو مانایەی دەتوانین بڵێین لە کوردستان شەپۆل و ڕێبازەکانی فێمینیزمی بونی هەیە؟ ئەگەر هەیە فێمینیستەکانی کورد درێژەپێدەری هەمان هزری فێمینیزمی ڕۆژیاوان یاخود دامەزرێنەری بزوتنەوەیەکی تایبەتن، لەم بارەوە د.مهاباد دەڵێت:دەتوانین بڵێین تارادەیەک بزوتنەوەی فێمینیزمی هەیە، بەڵام هێشتا کاڵ وکرچە وهێشتا لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا قەتیس ماوە و پێویستە زیاتر کاری لەسەر بکرێت و ببێتە خەمی وڵات وسەرجەم چین وتوێژەکان تەنها لەنێوان کۆمەڵێکدا قەتیس نەمێنێت.

پەیرەونەکردنی پرسی یەکسانی جێندەری دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی دەروونی لە دژی ئافرەتان، چۆن ئافرەتان دەتوانن کار لەسەر ئەو پرسە بکەن بۆئەوە ڕێگربن لەبەرامبەر راوەستاندنی هەر کارێک کە لەدژی مافەکانی خۆیان بێت، د.مهاباد بۆچوونی وایە کە بەڵێ جێبەجێنەکردنی پرسی جێندەر توندوتیژیی دەروونی وهزریی وزمانی، بۆتە مۆرکێکی نامرۆیی ئەم سەردەمەو تاکەکانی کۆمەڵگەی شپرزە کردوە، و زۆر نابەرپرسانە ڕۆژانە چ بە زمان چ بە کردەیی لەکۆمەڵگەدا توندوتیژی قێزەون ئەنجامدەدرێت، زۆرجار دەوترێت ژنان کەموکورییان نییە و ئەوەتا خۆیان دەگۆرن و پێدەکەنن وژیان دەکەن،نازانرێت لەناخی هەرژنێکدا چەندین خەونی مردوو هەیە، بۆیە دەبێت خێزانەکان وکۆمەڵگە و حکومەت بە یەک دەست و یەک بەرنامە کار لەسەر ئەم پرسە بکەن و نەهێڵن بۆشایی لەنێوانیاندا دروست بێت.

ناسک سعید

گومان نەخێر ژ بەر کو گەلەک کاودانێن دێ لدیف دا دێ ئێن .

جاران رەخنە ل رێکخراوێن ئافرەتان دهێتە گرتن بەلێ دبێژم کو ئەگەر رێکخراوێن ئافرەتان کارا نەباییە زێدەتر ل ڤێ چەندێ چێ ببایە چنکو رێکخراوا ئافرەتان یان ژنان هەمو گاڤا هەولا هندێ داییە ئافرەتێ ب هەر رەنگەکا هەبیت بپارێزیت هان بدەت بو پێگەهاندنا خودێ ئافرەتێ دا کو بزانیبت کا مافێ وێ چیە وئەرکێ وێ چیە ...

هەرچەندە کو هەتا نهو ژی هێشتا کومەلگە ل وێ چەندێ نەگەهشتیە کا رێکخراێون ئافرەتان چ رولەکی دبینن . ئەڤجا دڤێت مروڤ بخو خو پێپگەهینیت کو کوشتنا مروڤان قەدەغەیە نابیت بێتە کۆشتن دبیت بێتە سزا دان بەلێ نائێتە کۆشتن. سەرەرای هندێ کو زوربەیا وان بێ کو پرسیار یا لێکولین دگەل وان بێتە کرن هاتینە کۆشتن .لێ ب دیتنا من ئەز ڤێ هەمویێ ڤەدگەرینم بو خێزانی کو خێزان هوکارێن سەرکینە ل ڤی باری دا.دڤێت پتر هاندانا خێزانان و هوشیارییێ بدەنە وان بو هندێ دا کو پێبگەهن،کوشتنا مروڤان ب تایبەتی ئافرەت نابیتە چارە سەرکرنا ژ ناڤ برنا شەرەفێ بەلکۆ دبیتە عەزابا هەتا هەتایی هەم دناڤا خێزانێ هەم دناڤ کومەلگەهێ دا. ئەز هیڤیدارم کو هەمو پێکڤە چ دەسهەلات و چ حکومەت و یاسا و هەمو جهێن بەرپرسیار ب ڤێ ئەرکێ ئاگەهدارکرنێ رابینن دا کو ئەڤ کۆشتنا کو بووییە دیاردە بێتە کێم کرن یان ژ ناڤ برن ژ بەر داب و نەریتێن توند و بەرو ڤاژیا عەشایری دناڤا کومەلگایێ کوردی دا.

هەژی گوتنیە کو کلتورێ کوردەواری کلتورەکێ گەلەک جوانە بەلێ ئەگەر کوشتن تێدا نەبیت.

ئەگەرێن خۆکوشتنا ئافرەتان

دلڤین خەلەف

ئەڤە دەمەکە نڤیسینا ڤی بابەتێ گرنگ ل بیرا من بوو لێ ژکارتێکرنا وی یا خراب لسەر دروونێ خەلکێ مە بگشتی وئافرەتێ بتایبەتێ من نەدڤیا بابەت بێتە ئازراندن ئەوژی ژبەر گەلەک ئەگرا وژوان ژی بریندارکرنا هەستێ ئافرەتان دڤێ قوناغا هەستیار دە کو خەلکێ مە یێ شنگال لناڤ کەمپان دە ژیانا خوە دبەنەسەر.

براستی پێدڤیە ئەڤ جۆرە بابەتە ب هشیاریەکا مەزن وبزانەبوون بێتە باسکرن و شرۆڤەکرن وکارەکی ئێکجار باش ژێرە بێتە کرن پێخەمەت مرۆڤ کاربێ ئەنجامێن راست ودروست یێن کارتێکرنا وی ژهەموو ئالیان ڤە بێخت سەر زمان وفەرە ژدەستپێکا ئەگەرێن وی یێن سەرەکی بابەت بێتە شۆپاندن ورۆنکرن لسەر بێتەکرن.

لگۆر ڤەکۆلینێن بەرفرەهـ لسەر ڤی بابەتێ گرنگ ژ چەندین ژێدەرێن جهێ باوەریێ بەردەستێ مە کەفتین وبتایبەت برێکا کارێ کو بووینە چەند سال ئەم دناڤ خەلکێ خوە دا ئەنجام ددین ولگۆر ئەوان پێزانینێن هەموو جارا دکەفتنە بەر دەستێ مە فەرە چەندین ئەگەر وچارەسەرییێن ڤێ دیاردا خراب برێکا ڤی بابەتێ گرنگ دئەڤان خالێن لخوارێ دیار بدەینە خویاکرن وکارتێکرنا ڤێ چەندێ لسەر رەوشا خەلکێ مە یێ شنگال بتایبەت پشتی ئەوێ کارەساتا مەزن ژ ئەنجامێن وێ هێرشا هۆڤانە ژلایێ رێکخراوا تیرۆرستیا داعش بسەرێ وان دە هاتی و بووینە قوربانیێن هزروبیررن پاشڤەرۆ ولوونە ئاوارە و ژیانا خوە لناڤ کەمپێن کۆچبەریێ دەرباس دکەن.

١ـ بێگومان هەر دەڤەرەکا تۆشی جەنگ وشەر وکارەساتا بێ و خەلکێ وێ دەربەدەر وئاوارەبێ وئەڤ جۆرێن کاودانا وێ لناڤ دە پەیدابن.

٢ـ هەر دەمەکی رەوشا خیزانێ ژلایێ ئابۆری ڤە ئالۆز وبەرەڤ خرابوونێ بچێ، وبەلەنگازی ودەستکورتی ونەبوون دناڤا جڤاکێ دە سەرێ خوە هلدا، بێگومان وێ نەخۆشیێن تەندروستی ودروونی لناڤ دە پەیدابن و ئەڤ جۆرە بابەتێن خراب وێ بسەردا زال بن وخویاکەن.

> هەر دەمەکی رەوشا خیزانێ ژلایێ ئابۆری ڤە ئالۆز وبەرەڤ خرابوونێ بچێ، وبەلەنگازی ودەستکورتی ونەبوون دناڤا جڤاکێ دە سەرێ خوە هلدا، بێگومان وێ نەخۆشیێن تەندروستی ودروونی لناڤ دە پەیدابن و ئەڤ جۆرە بابەتێن خراب وێ بسەردا زال بن وخویاکەن

٤ـ بێ کاری ومانا لهیڤیا ئۆمێدێن پووچەل وبێ ئەنجام کارتێکرنەکا گەلەک مەزن لسەر کەسایەتیا هەر مرۆڤەکی دکەن و دبنە ئەگەرێن پەیدابوونا تێکچوونا رەوشا وان یا تەندرستی و ئەنجامێن خراب ژێ پەیدا دبن وئەڤ جۆرە بابەتە دهێنە پێش.

٥ـ دوورکرنا خیزانێ ژئێک نەخاسمە دایک وباب ژ زارۆکێن سنێلە و نەفام دبیتە ئەگەرێ ژێک دوورکرنا هزروبیرا دناڤبەرا وان دە وئەڤ چەندە ژی ئەنجامێن خراب ژێ پەیدا دبن.

٦ـ کارتێکرنا بکارئینانا کرەستێن قەدەغە ب هەموو جۆرێن خوە ڤە ودانوستاندنا نەرەوا وبەرۆڤاژی دابونەریتێن جڤاکی دگەل کەسێن خراب ودوورکەفتنا ژخوەندن وفێرکرنێ ونەبوونا کەسێن ژیر وشیرەتکار لنێزیک ئەوان کەسێن دقوناغەکا مەترسیدار دە دەرباس دبن دبیتە ئەگرێن ئەنجامدانا ڤان کاودانێن نەشارستانی وخراب.

٧ـ دانوستاندنا دژوار وشاش ژلایێ خیزانێ ڤە دگەل گەنجێن سنێلە دناڤ مالێ دە ئێک ژ ئەگەرێن هەری مەزنە ژبۆ پەیداکرنا ئاریشێن دروونی وتۆشبوونا وان بەرەڤ رەوشەکا رەش و تاری.

ئەڤە ژی چەند نمونەیێن کێم بوون مە دڤان چەند خالان دە داینە دیار کرن ژبۆ ڤی بابەتێ گرنگ وکاریگەر، بێگومان گەلەک ئەگەرێن دی ژی هەنە کارتێکرنا خوە لسەر رەوشا ئەوان کەسان دکەن کو ژیاتا خوە بداوی دهینن و خوە دکوژن، لەوما فەرە لسەر هەموو لایەنێن پەیوەندیدار و بتایبەت رێکخراوێن مافێ مرۆڤان ودامو دەزگەهێن پەیوەندیدار یێن حکومەتا کوردستانێ گرنگیا ئەڤی بابەتی ل بەرچاڤ بگرن وهەولێن چارەسەریێ ژبۆ ئەڤی توخمێ مرۆڤان ببین وهەولێن پەیداکرنا ژیانەکا خوەش ژبۆ هەموو گەنجێن وەلاتێ مە بکەن بێخەمەت هەبوونا جڤاکەکی ساخلەم وڤالا ژڤان جۆرە کاودانێن خراب وبێ مفا و هیڤیا تەندروستیەکا باش بۆ تەڤایا گەنجێن گەلێ مە و بەرەڤ ئارامی و ئاڤەدانیا کەسایەتیەکا ب هێز و خودان شیان بۆ هەموو کەچ وکورێن ڤی وەلاتی.

لەتاراوگەوە

فه زیله شۆرش - هۆڵەندا

بزوتنەوەی فێمینیزمی کوردستان، سەردەمیانە کاردەکات

جیهان بە بەردەوامی لە گۆرانکارییەکی خێرادایە، ئافرەتانیش بەردەوامن لە خەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە یەکسانی جێندەری و رزگاربوونیان لە پیاوسالاری وگەیشتن بە مرۆڤسالاری،هەربۆیە بزوتنەوەکانی ئافرەتان لە زۆربەی ولاتانی جیهان بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی فێمینیزمی کاردەکەن. لە نامیلکە ی " یە کێتی ئافرە تانی کوردستان بناسە " لە نووسینی دکتۆر ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێناسەی ئەم رێکخراوە بەم شێوەیە کراوە "رێکخراوێکی مەدە نی ئافرەتانی کوردستانە، لە چوارچێوە ی بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت و برەودان بە تواناکانی و هاوبەشیکردنی لە بەرێوەبردن و ئامادەبوونی لە پانتاییە کلتوری، کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە".

چەمکی فیمینیزمی لە ولاتانی جیهان لە بارو کاتی کۆمەڵگەکەیان هەڵقولاوە، بە شانازییەوە کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی داخراو نیە، بۆیە بزوتنەوەیەکی سەردەمانەی وەک فێمینیزم لە بارو کاتی کۆمەڵگەی کوردستانیش هەڵقولا بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی جێندەری لە هەموو بوارەکانی ژیان لە کوردستان.

بزوتنەوەی فێمینیزمی جیهانی ئەمرۆ لە چوارەمین قۆناغیەتی، قۆناغی یەکەمی١٨٧٠- ١٩٢٠خەباتی ئافرەت بۆ ماف و ئازادی دەربرینی بیروڕای خۆی بووە وەک کەسایەتیەک، توانرا لە ساڵی ١٩١٩ لە هۆڵەندا ئافرەت مافی دەنگدان و خۆکاندید کردن وەربگرێت، لە قۆناغی دووەم ١٩٦٠-١٩٨٠، ئافرەت تارادەیەک مافەکانی دە ستەبەرکردبوو بۆیە لەم قۆناغە جەخت کرا سەر ژیانی یەکسانی و خوێندن و کارکردن و خێزان و منداڵبوون و سێکس. بەڵام لە قۆناغی سێیە م ١٩٩٠– ٢٠٠٠، ئافرەتان دە ستیان کردە پێداچوونەوە وهۆشیارکردنی خەڵک لەم کەموو و کورتیانەی کە لە قۆناغەکانی پێشوو کرابوون، چونکە پێشتر هەوڵێکی زۆر بۆ مافەکانی ئافرەتی سپی پێست درابوو وئافرەتانی تر پەراوێز خرابوون، قۆناغی چوارەم٢٠١٢ تا ئەمرۆ، فیمینیزم سە ردەمترین بزوتنەوەی ئافرەتانە لە جیهان، لەم قۆناغە هەموو لۆجیستەکانی سەردەم بە کاردەهێندرێ بۆ گە یشتن بە لووتکە ی یەکسانی، ئە وەی دلخۆشکەرە بۆ ئافرەتانی کوردستان، بزووتنە وەی فیمینیزمی کوردستانیش سەردەمانە کاردەکات بە هیوای گەیشتن بە لوتکەی یەکسانی.

هێلین نامە

- بە پێی راپۆرتی سەلام نیوز، لە بڵاوکراوەی نێودەوڵەتی "اکونومست" ناوی ٢٩ وڵاتی جیهان ئامازەی پێکراوە کە لە ریزبەندی باشترین وڵاتن کە تێیدامافی کارکردنی ئافرەتان پارێزراوە لەو بوارانەدا: مووچەی گونجاو، پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ژیان و کارکردن، کەمترین ئاستی جیاوازی رەگەزی لە بواری کارکردن، جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی کارکردن لە رووی یاسایی و دادوەرانە. لە ریزبەندی ئەو وڵاتانە، وڵاتی سوید بە باشترین وڵات دانراوە، بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ ئافرەتی فەرمانبەر، بە تایبەتی لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتی رەچاوی پشووی دایک ومووچەی گونجاو کراوە، دواتر وڵاتانی،ئایسلەند، فنلەندا، نەرویج، پۆرتۆگال، بەلجیکیا، فەرەنسا لەو ریزبەندییەدان.

- سەرۆکی ئاژانسی ئافرەتان لە رێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان رایگەیاند، ئافرەتان قوربانیانی شەڕن و زیاترین زیانیان لە شەڕی نێوان روسیا و ئۆکرانیا بەرکەوتووە، بە هۆی ئەو هەڕەشانەی لە رووی ئاسایشی خۆراک و خزمەتگوزاریە بنەڕتییەکان رووبەرووی ئۆکرانیا بۆتەوە و ئافرەتانی ئەو وڵاتە کە ئێستا رۆڵی سەرەکیان لە پاراستنی خێزان هەیە، تووشی نەهامەتییەکی زۆر بوونەوەو قوربانی سەرەکی ئەو شەڕەن.

- بەرێوەبەری جێبەجێکاری ئافرەتان لە رێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان رایگەیاند: گۆڕانی کەش وهەوا و وشکەساڵی کاریگەری نەرێنی لە سەر ژیانی ئافرەتان هەیە بە تایبەتی لە سەر ئافرەتی گوندنشین، هەر لە سەر ئەو بابەتە "ئانتۆنیو گونتریس" سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیەککرتووەکان دەڵێ: قەیرانی ئاو و پیسبوونی ژینگە، وشکەساڵی و نەخۆشی کوڤید ١٩ و کاریگەری شەڕی ئۆکراین، و کۆمەڵێک گرفتی تر کە لە جیهاندا روودەدەن، ئافرەتان رووبەرووی گەورەترین هەڕەشە دەکاتەوە و ئەوەش لە ئەنجامی بابەتێکە کە هەزاران ساڵە بە هۆی زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاری گوێ لە دەنگی ئافرەتان ناگیرێت.

- کۆمەڵناسێک رای وایە،هەستی بڕوابەخۆبوون پەیوەندی راستەوخۆی بە بواری سەرکەوتنی مرۆڤەوە هەیە کە لە نێو ئافرەت و پیاو دا دوو ئاراستەی جیاوازی هەیە، پیاو هەستی بڕوابەخۆبوونی لە ئافرەت زیاترە و لە ژێر کاریگەری هەڵسەنگاندن و بۆچوونی دەوروبەریدا نییە، بەڵام بە پێچەوانە هەستی بڕوا بەخۆ بوون ئەو کاتەی لای ئافرەت بەرز دەبێتەوە کە کەسانی دەوروبەر بۆچوون و روانینێکی پۆزەتیڤیان بەرامبەری هەبێت و بە روانینە نیگەتیڤەکان ئەو هەستە کەم دەبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو بۆچوونەی ئافرەتان بگۆردرێت.

نەسرین حەسەن

هێلین، دەرچووی بەشی ژمێرێارییە و دوو ساڵە شوانکارەیە

> ,, هەر کەسێک متمانەی بەخۆی هەبێت دەتوانێت، ببێتە خاوەنی کاری خۆی، من هەمیشە متمانەم بە خۆم هەیە، جگە لەوەش جورئەتم داوەتە بەرخۆم و دەستم بەو کارانە کردووە کە زۆر سەختن

هێلین ماوەی دوو ساڵە لە گوندێکی دوورە دەستی کوردستان سەرقاڵی پیشەی خۆیەتی و بە شوانکاری خەریکە، ئەو شوانکارییە تەنانەت نەبووەتە هۆکاری بێزاری و کاری سەخت بۆ هێلین، بەڵکو رۆژ بە رۆژ زیاتر هێلین پەیوەست دەکات بە کارەکەیەوە و گوندە و پیشەکەی لەلا خۆشەویستتر دەکات.

هێلین چیچۆ، ناسراوە بە هێلین ئالانەیی، تەمەن ٢٦ ساڵ، لە گوندی ئالانەی سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەران ماوەی دوو ساڵە پیشەیەکی نوێی دۆزیوەتەوە و بووەتە شوانکاری قەل، هەموو رۆژێک لەگەڵ سپێدەدا لە گوندە جوانەکەی ئالانە، کە پڕە لە دار گوێز، قەلەکانی بەرەو دۆڵ و نشێوەکانی گوندەکەیان دەبات و لەناو گوڵ و گوڵزار و مێرگ و پیمەنەکانی ئەو گوندە قەلەکانی دەلەوەڕێنێت.

هێلین بە رووبەکی خۆشەوە بۆ (هێلین میدیا) ووتی: ویستم جیاواز لە ئافرەتەکانی دیکەی ناوچەکەم، خاوەنی ئیش و کاری خۆم بم، بۆیە بیرۆکەیەکی نوێ بە هزرمدا هات، ئەویش بوون بە خاوەنی کاری تایبەتی خۆم بوو لە رێگای بەخێوکردنی پەلەوەر، بۆیە بە متمانەوە باسی پرۆژەکەم بۆ باوکم کرد و ئەویش بە خۆشحاڵییەوە پشتگیری کرد و دەستم پێکرد. گووتیشی: پارساڵ بە درێژایی ئەو ساڵە لە دۆڵ و نشێوەکانی گوندەکەم خەریکی بە خێوکردنی قەلەکانم بووم، هەم کارەکە بە باشی فێربووم و قازانجم لە ئیشەکەم کرد، هەمیش بووە رێگاخۆشکەر بۆ ئەوەی ساڵی دواتریش درێژە بە کارەکەم بدەم و پرۆژەکەم فراوانتر بکەم.

هێلین کە دەرچووی بەشی ژمێرێارییە، لە کۆلێژی ئابووری زانکۆی سەلاحەددین، دوای دەرچوونی لە کۆلێژ بیرۆکەی ئەوەی لا دروستبووە کە خۆی خاوەنی سەرمایەی خۆی بێت و بتوانێت لەرێگای پرۆژەوە ببێتە خاوەنکار و بەرهەمەکەی بە بازاڕ بکات، هێلین لە بەردەوامی قسەکانیدا دەڵێت: جگە لە ئیش و کاری رۆژانەم کە خەریکی مێگەلە قەلەکانم بووم، لەرێگای سۆشیال میدیاشەوە هەوڵمداوە بەرهەمەکەم بە بازاڕ بکەم، بۆیە لەرێگای پەیجەکەمەوە کە فۆڵۆوەری زۆر بووە هەم بەرهەمەکەم بە بازاڕ کردووە، هەمیش سروشتی جوانی گوندەکەم و کاروباری ژیانی گوندەکەم بە بینەرانم ناساندووە.

سەبارەت بە متمانە بەخۆبوون و پاڵپشتی، هێلین ئەوەش دەخاتەڕوو: هەر کەسێک متمانەی بەخۆی هەبێت دەتوانێت، ببێتە خاوەنی کاری خۆی، من هەمیشە متمانەم بە خۆم هەیە، جگە لەوەش جورئەتم داوەتە بەرخۆم و دەستم بەو کارانە کردووە کە زۆر سەختن، ئێستا پیشەی شوانکاری بووەتە کارێکی ئاسان لەلام.

سەبارەت بەوەی ئەگەر لە داهاتوو هێلین هاوسەرگیری بکات، هەر لە گوند دەمێنێتەوە یان دەچێتە شار و پیشەیەکی نوێ هەڵدەبژێرێت، ئەو دەڵێت: ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی کە چارەنووسی منی پێوە بەستراوەتەوە، ئەگەر لە گوند بێت، بێگومان هەر لەسەر کارەکەم دەمێنمەوە و پرۆژەکەم زیاتر فراوان دەکەم. لە وەرزی زستانیش کە لە گوندەکەمان دەگەڕێینەوە، هەر دەست بە تاڵی دانانیشم، بەڵکو خەریکی کاری رستن و چنین دەبم و بەرهەمی کاری دەستی و چنینەکەشم هەر لە رێگای پەیجەکەمەوە دەفرۆشم.

پەرێز قادر ئەحمەد